# بەشداری نەکردنی کورد لە هەڵبژاردنی ئێراقدا لەبەرچی؟

**شاخەوان شۆڕش**

**18ی ژانیوەری 2005**

پرۆسەی هەڵبژاردن بەگەرمی لەئارادایە و چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژی 30 ژانیوەری 2005 دەنگ بۆ پەرلەمانی ئێراقی, پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بدرێت. ئەو هەڵبژاردنە خەڵکی کوردستانی بەرەوڕووی گەلێ پرسیار کردۆتەوە و نیگەرانی لەنێوان بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە هێندە پەرۆشی ئێراق نین, تارادەیەکی زۆر دروست کردووە. گەلێ نیگەرانی, دیاردە, پێشێلکردن و بەڵگە هەن کە وادەکەن خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەکەن و ئێراقیبوون ڕەتکەنەوە.
لەم وتارەدا ئاماژە بەگرنگترینی ئەو خاڵانە دەکەین کەوا پشتگیری کوردستانیان لە ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن دەکەن.

1. ئێراق وەک ستات هەڵوەشایەوە و خەڵکی کوردستان وەکو گەلێکی جودای بەزۆرلکێنراو بە ئێراق, بەپێی چارتەرەکانی یوئێن و گەلێ ڕێکەوتنی نێونەتەوەیی, مافی ئەوەی بۆ ڕەخسا بتوانێ لەڕێگای ڕیفەراندەمێکەوە چارەنوسی خۆی دیاربکات. ئەوە بەخەڵکی کوردستان ڕەوا نەبینرا و گوێ نەدرایە 1.700.000 دەنگی داواکاری دیارکردنی چارەنوس. پەیڕەوکردنی ئەو مافە پێویستی بە بوونی دیموکراسیەت نییە و لە زۆربەی ئەو شوێنانەی پەیڕەوکراوە دیموکراسی نەبووین. بۆیە بوونی دیموکراسی یارمەتیدەرە بەڵام مەرج نییە. ناوهێنانی ئەو بیانوە ڕەتکردنەوەی داوای ڕەوای خەڵکی کوردستانە بە شێوەیەکی دیکە.

2. ئەو یەکگرتنەی بە ئارەزوومەندانە لەلایەن پارتە کوردیەکانەوە ناوزەد کراوە, ئارەزوومەندانە نییە, لەبەرئەوەی,

یەکەم: لەم بارەیەوە پرس بەخەڵکی کوردستان نەکراوە کە ئایا ئەوان ئەو یەکگرتنە و ئەو پرۆگرامە فیدرالیە پەسند دەکەن یا نا, واتە ڕیفەراندەمێک لەسەر ئەوە نەکراوە.

دووەم: پەرلەمانی کوردستان و پارتەکان پەسندی ئەو یەکگرتنەیان کردووە, بەڵام نە پەرلەمان ڕەوایەتی ئەوەی هەیە لەلایەن خۆیەوە بریاری چارەنووسساز و پەیوەستدار بەسەروەری کوردستان یەکلاکاتەوە نە پارتەکانیش. ئەوان ئەگەر زۆر ڕەواش بن پێویستە و دەبێ لەم بارەدا و لەسەر پرسیاری لەم شێوەیە بۆ خەڵک بگەڕێنەوە, چونکە تەنها خەڵک ڕەوایەتی ئەوەیان هەیە پرسیاری ئەوها یەکلابکەنەوە. وەکو ئاشکرایە پەرلەمانەکەی کوردستان ئێکسپایەر بووە و نە ڕەوایەتی هەیە و نە هیچ توانایەکیشی لەئاست پارتە دەسەڵاتدارەکاندا هەیە. وەکو بینیمان ئەوە نەکرا و کەسیش بۆ خەڵک نەگەڕایەوە, پەرلەمان و پارتەکان لەلایەن خۆیانەوە ئەو پرسیارەیان یەکلاکردەوە. بوونی نزیکەی دوو ملیۆن دەنگی داوای دیارکردنی چارەنوس بەڕاشکاوی بانگاشەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە ڕەتدەکاتەوە.

3. مافی چارەنوس لەیاسا کاتیەکە مسۆگەر نەکراوە و هیچ ئاماژایەکیش بە مافی چارەنوس نەکراوە. وەکو تالەبانی لە کۆبوونەوەیەکدا ئاماژەی بۆ کرد, ئەوان مافی چارنوسیان وەکو فیدرالی بەکارهێناوە, بەو پێییە ئیتر مافی چارەنوس بەکارهاتووە و تەواو. ئەگەر ئەوە وابێت, لەم بارەدا باشور بەئێراق دەلکێنن و ڕێگایەکی یاسایی بۆ جیابوونەوە لەئارادا نییە. لێرەدا جگەلەوەی ئەوان لەجیاتی خەڵک ئەو بریارەیان داوە و خەڵکیان بەهەند هەڵنەگرتووە, هەروەها جگەلەوەی ئەو مافەیان بەئارەزووی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە, ئەو مافەیان بە ئیفلیجی بەکار هێناوە و نرخ و بەهای مافەکەیان کەمکردۆتەوە. بەپێی زۆر بۆچوون, ئەو یەکگرتوویەی ئێراق درێژخایەن نابێت, بەڵام نەبوونی مافی چارەنوس لە یاسای بنچینەیی ستاتدا وادەکات کە باشوری کوردستان نەتوانێ بەشێوەیەکی یاسایی لەدواڕۆژدا لە ئێراق جیابێتەوە, بەم پێیە لەئەگەری بوونی هەوڵی جیابوونەوە لەدواڕۆژدا, ئەگەری کێشە و ناکۆکی خوێناوی زۆرە.

4. کێشەکانی یاسای کاتی و نیگەرانیەکان. یاسا کاتیەکە کە لە 9 مارسی 2004 دا مۆرکرا کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامی ڕوون هێشتۆتەوە, گەلێ خاڵ و بڕگەی دژ بەیەک و ناجور هەن کەوا نیگەرانی دروست دەکەن و بەڵکو هەندێکیان ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کوردن. لێرەدا تەنها ئاماژە بەگرنگترینیان دەکەین, لەوانە یەکەم: ئەرتیکلی 7 بڕگەی (ا), ئاماژە بەڕۆڵی ڕاستەوخۆی ئیسلام لەبواری یاسادانانادا دەکات و پرەنسیپەکانی ئیسلام وەکو پرەنسیپی گەردوونی سەیریان دەکرێت. ئەوە دوو کێشەی دیار بەخۆیەوە دەگرێت

1. سیستەمی داهاتووی ئێراق سکولار نییە و ئیسلام ڕۆڵی دەستێوەردانی لەکاروباری ستاتدا یاساییانە پێدراوە
2. بوونی دووجۆرە پرەنسیپی گەردوونی واتای لەلایەک کێشەی چاوەڕوانکراوی ئەو دوو گۆشەنیگایەیە, لەلایەکی دیکە واتای نکۆڵیکردنی پرەنسیپێکی تاکوتەنهای گەردوونییە, کە زۆرینەی جیهان بە مافەکانی مرۆڤی یوئێن تێیدەگەن. ئەوە لەبوونی زلهێزێکی وەکو ئەمەریکا سەپێندرا, باشە ئەگەر ئەمەریکا بڕوا دەبێ چاوەڕوانی چی بکەین؟ دووەم: ئەرتیکلی 7 بڕگەی (ب), ئاماژە بە نەتەوەی عارەب دەکات و بەبەشێکی جیانەکراوەی گەلی عارەبی دادەنێت, بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە بوونی کورد وەکو نەتەوەیەکی جیانەکراوەی گەلی کورد ناکات. ئەوە نکۆڵیکردنی ئەو فاکتەرەیە, ئەگەرنا بۆ دەبێ ئاماژە بەو ڕاستیە نەکرێت. سەرکردایەتی کورد بانگاشەی یەکێتی ئارەزوومەندانە لەنێوان دوو نەتەوەدا دەکەن,

بەڵام ئایا ئەو بڕگەیە باس لەبوونی دوو نەتەوەی سەرەکی دەکات؟ نەخێر! ئەوەی لێرەدا گرنگە نەتەوەی عارەبە.

سێیەم: ئەرتیکلی 16 بڕگەی (ج), ئاماژە بە مافی عارەب لەکڕین و فرۆشتنی خانو و زەوی لە هەرکوێیەکی کوردستاندا لەژێر ناوی یەکسانی هاوڵاتیانی ئێراقیدا دەکرێت. کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا کەمینەیە و هەڕەشەی لەدەستچوونی خاک و توانەوەی لەڕابردوودا لەسەر بووە. ئەو بڕگەیە هەڕەشەیە بۆ سەر بەتایبەتی ناوچە کوردستانیە سنوریەکان. کورد دەبوایە بەیاسا و ڕێکەوتن بەرلەوە بگرێت, ئەوەش مافی هەر گەلێکە کەمەترسی لەدەستچوونی خاکی لەسەردا هەبووە و هەیە لەڕابردوو و ئێستادا. بوونی ئەو مافە وادەکات نەتەوەی زۆرینە بتوانێ وردە وردە ناوچەسنوریەکان بەڕێگای یاسایی دەستبەسەردابگرێت,

بەمجۆرە ئەو ناوچانەی بەشەڕ نەتوانرا بەعارەب بکرێن, ئێستا لەژێر ناوی یەکسانی مافی هاوڵاتیانی ئێراقی لەکڕین و فرۆشتنی خانوو و زەویدا, یاساییانە بەم مەبەستەیان دەگەن.

چوارەم: ئەرتیکلی 53 (ا), هەرێمی کوردستان, تەنها ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە تا 19ی مارسی 2003 لەژێردەستی کوردان دابووە. واتە ئەو ناوچە کوردستانیانە ناگرێتەوە کە لەژێر چنگی ڕژێمی بەعس دابوون. ئەرتیکلی 58 بڕگەی (ج), دەڵێت چارەسەری ناوچە کێشە لەسەرەکان (واتە ناوچە کوردستانیە ئازادکراوەکان) دوادەخرێت تا ناڕەوایەکانی ڕابردوو بەپێی بڕگەکانی ئەرتیکلی 58 چارەسەر دەکرێت و دەستوری هەمیشەیی پەسند دەکرێت. (دیارە هیچ گەرەنتیەک بۆ چارەسەرێکی ڕەوا نییە و مەرج نییە چارەسەرەکە بەدڵی کوردان بێت). لەو ئەرتیکلەدا ئاماژە بەوە ناکرێت کەوا دەبێ ڕیفەراندەم لەسەر یەکلاکردنەوەی ناوچەکان بکرێت یا دەبێ ناوچەکانی کوردیەکان بگەڕێنەوە سەر کوردستان. ئەوە هاتووە کە دەبێ ڕێزی ویستی خەڵکەکە بگیرێت. مەبەست لەوە چییە؟ ڕیفەراندەمە, گەڕانەوەی ئەو ناوچانەیە بۆ سەر کوردستان یا تەنها چاککردنەوەی دیمۆگرافیای ناوچەکانە, دیارە کەرکوکیش لەگەڵیاندا.

ئایا ئەگەر عارەب ستاتی ئێراقیان دروست کردەوە و بوونەوە خاوەن دەسەڵات و یاسای هەمیشەیی, ئەوا ئامادەن دەستبەرداری ئەو ناوچانەبن؟

پێنجەم: ئەرتیكلی 53 برگەی (ج)، كەركوك وەكو بەغدا شوێنی تایبەتی دراوەتێ و بۆی نییە لەگەڵ هیچ هەرێمێكی دیكەی فیدرالی تێكەڵبێت. كەركوك وەك ناوچەیەكی دەرەوەی هەرێمی كوردستان سەیركراوە و لەسەر ئەم بنچینەیەش بۆی نییە لەگەڵ هیچ پارێزگایەكی دیكە هەرێمی فیدرالی پێكبێنێت. بەو پێیە ئەو ئەرتیكلە دژی گەڕانەوەی كەركوكە بۆ سەر كوردستان.

شەشەم: ئەرتیكلی 52 ئاماژە بە سیستەمی فیدرالی دەكات وەكو سیستەمێك بۆ دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوان سەنترال و ناوچە فیدرالیەكاندا، بەوشێوەیە دروستكردنی ئێراقێكی یەكگرتوو كەتیایدا هاوڵاتیان بەشداری بوارە میریەكان دەكەن و مافەكانیان پارێزراو دەبێت. بەو پێیە ئەو سیستەمە فیدرالیە بۆ ئەوە نەهاتووە ناكۆكیە ڕەگەزی و ئێتنیەكان چارەسەر بكات، كە لەڕاستیدا دەبوایە ئەوە ئامانجی سەرەكی بێت. ئەو سیستەمە (لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان) ڕێگا بە دروستكردنی هەرێمی فیدرالی تەنها لەنێوان سێ پارێزگا دەدات زیاترنا. هەرێمی كوردستان ئێستا لەسێ پارێزگا پێك هاتووە، ئەگەر هەوڵی ئەوە بدات پارێزگای دیكەی كوردستانی بخاتەسەر هەرێمەكەی ئەوا دەتوانرێ ئەو سیستەمە دژی بەكار بهێنرێت. ئەو سیستەمە هەوڵێكە بۆ لەنێوبردنی داوا نەتەوەیی و ئەتنیەكان، بەمجۆرە بردنی پرسە بنچینەییەكەی كورد كە ناكۆكی نەتەوەییە بۆ لایەكی دیكە.

حەفتەم: ئەو ڤیتۆیەی لەیاسا كاتیەكەدا هاتووە، بۆ ئەنجومەنی سەركردایەتییە و بەكارهێنانی مافەكەش سنوردارە و دەكرێ بڕیار دەربكرێت و بەبەرلوتی كوردا ڕەت بێت و نەشتوانێ ڤیتۆكەی بەكار بهێنێت، ئەوە ئەگەر هاتوو ئەندامێكی ئەنجومەنی سەركردایەتی یەكیان كورد بوون. دیارە هیچ گەرەنتیەك نییە كە ئەو ئەندامانە یەكیان كورد دەبێت و ڕێكەوتن لەسەر ئەوە لە یاساكاتیەكەدا نییە.

هەشتەم: لەیاساكاتیەكەدا چەمكی وەكو چاككردنەوەی نەتەوە، ڕاگواستن، دەركردن و گۆڕینی دیمۆگرافی بەرامبەر پاكتاوی ڕەگەزی و بەعارەبكردن هاتووە. ئەوەش لەراستیدا خۆ پەڕاندنەوەیە لەناوزڕاندنی نەتەوەی چەوسێنەری عارەب و دان نەنانە بەو ڕاستیە.

هەشتەم: ناوی گەلكوژیەكەی ئەنفال نەهاتووە و ئاماژەی لەهیچ شوێنێكی یاساكاتیەكە بۆ نەكراوە. ئەوە نكۆڵێكردنە لە بوونی ئەو تاوانە گەورەیە.

5. زەوتكردن و پێشێلكردنی مافی كوردان.

یەكەم: هەموو ئەو كوردانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین بۆیان نییە دەنگ بۆ پەرلەمانی كوردستان بدەن. ئەوانە تەنها بۆیان هەیە دەنگ بۆ ئێراق بدەن. ئەوە زەوتكردنی مافێكی ڕاشكاوی كوردەكانە لەدەرەوەی كوردستان. ڕەنگە مەبەستی دیاریكراو لەپشتی ئەوەدا هەبێت، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت، تاوەكو دەنگی كوردستانیانە كە لە دەرەوە بەهێزە نەگاتە پەرلەمانی كوردستان و ڕێگایان پێبگیرێت، بەمشێوەیە ڕێگا لە ڕەوتی كوردستانی و سەربەخۆخواز بگرن.

دووەم: هەموو كوردەكانی ناوچە ئازادكراوەكان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بێبەشكراون. ئەوانە تەنها بۆیان هەیە بەشداری هەڵبژاردنی پارێزگاكان و پەرلەمانی ئێراق بكەن. ئەو خەڵكە مافی بەشداریان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە پەرلەمانی كوردستانندا لێسەندراوەتەوە. ئەوە نكۆڵێكردنی بەشێوەیەكی دیكەی كوردستانی بوونی ئەو ناوچانەیە كە ئەو خەڵكەی لێ دەژیت. بەكورتی ئەو كوردانەی دەرەوە و ناوچە ئازادكراوەكان دژی ویستی خۆیان لەو مافەی دەنگدان بێبەشكراون.

6. مۆركردنی ئێراقیبوون. دەنگدان بۆ ئێراق واتای كۆمەڵێ دەرهاویشتەی دژە كوردستانین، لەوانە

یەكەم: ڕەوایەتیدان بەسەرداری ئێراق بەسەر باشوری كوردستاندا، بەمجۆرە ئێراق داگیركەر نییە و خەڵكی كوردستان خۆیان ئەو ستاتەیان پەسندكردووە.

دووەم: كورد خۆی ئەوە هەڵدەبژێرێت لەچوارچێوەی ئێراقدا كەمینە بێت.

سێیەم: كورد خۆی دەنگ بۆ ئەوە دەدات دەسەڵاتەكانی دارایی، نەوت، بەرگری و دەرەوە بداتە بەغدا.

چوارەم: دەنگدان بەیەکێتی ئێراق واتە سەپاندنەوەی سنورە دەستکرد و سەپێندراوەکەی پێشوو بەسەر کوردستان, هەر هەوڵێک بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو سنورانە زۆر سەخت دەبێت. ئەو سنورە دەسکردە چیتر دەستکرد نابێت. ئەو سنورە سەپێندراوە چیتر سەپێندراو نابێت. ئەوە بەپیرۆزهێشتنەوەی سنورەکانە و هێشتنەوەی باری ستاتوس کۆیە, ئەوجارەیان بە مۆری کوردان خۆیان.

7. دەنگدانی کوردان بۆ ئێراق واتە دەنگدان و پەسندمەندی دروستکردنی گەلی ئێراق, ئەو گەلەی لەسەرووی ناسنامەی نەتەوەیی کوردەوەیە. گەلی ئێراق وەکو ناسیونە داسەپێندراوە کۆنەکە هەوڵی لەنوێی بۆ دەدرێتەوە. دەنگدان ڕەوایەتیدانە بە هەوڵی تێکەهەڵکێشکردنی نەتەوەی کورد لەبۆتەی ناسیۆنە ناوچەبەزێنەکەدا.

8. دەنگدان بە ئێراق واتای پەسندکردنی کۆنسێپت و چوارچێوە ڕامیاریە کۆنەکەیە و ڕۆیشتنە لەسەر ڕێگایەک کە لەڕابردوودا تەنها کارەساتی لەگەڵدا بوو. گەرەنتی چییە کە ئەمجارەیان وانابێت؟

9. دەنگدان واتە بەردەوامیدان بە کۆنسپتی نکۆلیکردنی مافی سەربەخۆیی کورد و پەسندکردنی مافێکی نیوەچڵ. واتە دورکەوتنەوە لە بەدیهێنانی ناسنامەیەکی سەربەخۆ و ئازاد بۆ کورد و خۆپەڕاوێزکردن لە بۆتەی ئێراقدا.

ئەوانەی سەرەوە تەنها کۆمەڵێک لەو فاکت و ئەگەرە نەگەتیڤانەن کە وابەستەی بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدان. گومان لەوەدانییە بەهۆی باڵادەستی پارتە ئێراقچیەکان و میدای بەهێزی ئەوان, هەروەها نەبوونی میدیای بێلایەن یا کوردستانی خەڵکێکی زۆر بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و خۆشباوەڕانە مۆری ئێراقیبوونی خۆیان دەکەن. ئەوانەی دەنگ دەدەن دەبێ ئەوە بزانن ئەوە دەنگدانە بۆ ئێراق و دروستکردنەوەی ئێراق, بۆ پەسندکردنی مافی فیدرالیە لەچوارچێوەی ئێراق, نەک بۆ ڕزگاری کوردستان وەکو زۆر کەس واتێگەیەندراوە.